# که هاتن بۆ سەردانی هەڵەبجە

ئاسۆ بیارەیی
2007-13 سوێد

لەسەرەتایی هەموو بەهارێ، ئەندێشەکانم لە دەراوزەی شارێک کەنار دەگرن، کە هێشتا کەلاوەکانی تابلۆی مەرگ و گیانکیشانی تیا دەبینرێت.. کە هێشتا ئەڵاهو ئەکبری پاسدار و ئەنفالچی، تاڵانکەری خۆیی لە پەڕۆی دەست بە سەوز و سەر سووری پشت سنوور، گوێی دایکان کاس دەکات و منداڵان دەترسێنێت. بە دەست خۆم نیە، چاویشم دابخەم، قامکی بووکی زەماوەند دەبینم کە بۆ فەرهود براوە، پەردەی دوکەڵی ڕەشە خامی مەککە دەبینم کە چون هەناسەی پێنج هەزار گوڵ دەبڕێت، کە چۆن فەرمانی ئیمامە پاشکەوتووەکەی بیابان جێبەجێ دەکات.

بەدەست خۆم نییە، بە درێژایی ئاپۆرەکان کە بۆ سنوور ملیان نابوو، کە ئاواتەکانیان دەکردە قوربانی ڕێگەکان و بۆ بستێک خاک دەگڕان کە هەناسەیەکی پاکی تیا هەڵمژن، لە ژەهر و دۆزەخ ڕزگاریان بێت..خۆم دەبینمەوە. ڕوی زەردی ئەو چەکدارانەم دەکەوێتەوە یاد، کە بۆ کەمپوتێکی ژەنگاوی، شارێکیان سەربڕی، جەستەی جوانترین منداڵی چاوگەشیان کردە بەرماڵی سواڵ و خۆشێنی سۆزانیەکی بەرەڵلا..

دەبینم، خەڵکی شار لە کەڵبەی جەردەی خۆیی هێشتا بێ ئاگایە و خۆی بۆ خەوی سەوز و ڕوناکی نەورۆز ئامادەکردووە..هەر ئەو شەوە شار لە گەڵ باوشێکی ئەستێرە و خوزگە، لە گەڵ نەرمە بارانێکی خەمگین تا بەیان باسە پایزێک، بە گوێی شاردا دە چرپێنێت..شار بۆ بێدارنابێت؟ وا بەچکە کوردە وەقاس و عەبە کوێرەکانی سوارحوشتر، کچانی کوردیان کردووەتە جاریە و بە حەڵالی خۆیانی دەزانن،،هەزارەها گۆرانیان سەربڕیوەو لە خوێنایندا تینویەتی خۆیان دەشکێنن.. وا زگی ژنانی  دوو گیان بە شمێرە دووسەرەکەی عەلی هەڵ دەدڕن..
شار! ئەمشەو بۆ وا خەواڵویت؟ وا شای سەفەویەکان باخی ئەویندارانی لێکردویت بە گۆڕستان و ئاشقان بەبەردی(قوم) کەربەلا ڕەجم دەکات..لە نێو تەرمەکاندا، دوو ئەڤیندار دەبینیم کە هێشتا باوەشیان لە یەک تونکردووەو تابلۆیەک ئەشقیان لێ دەبارێت..ڕێ و تولە ڕێ نابینم کە لاشەی نازەنینێکی تیا نەسووتابێت،،سەری کاوەیەکەی تیا نە پلیشابێتەوە..نێرگز و گوڵەجاڕ نابینم کە کە خوێن سوور هەڵنەگەڕابێت..

دوو ڕۆژ وەکو بروسکە تێ دەپەڕێت و شار سەری لێ شێواوە، گازی ژەهراوی لەو قیبلە وئاسمانەوە، کە هەزاران ساڵە کورد نوێژی بۆ دەکات و دەپاڕێتەوە،  چاوەکانی شاری کوێرکردووە..جەستەی نەرمی جگەر گۆشانی خەڵتانی خۆێن کردووە..ناوسک و هەناوی دایکانی کونکردووە..

لێم مەگرن! کە بڵێم: هێشا چاوم لە تێکەڵەی ڕەوە گورگی ئەو شەوەیە کە چۆن ڕەنگی سووری کیژانی کوردیان، بۆ داگیرکەران کاڵ دەکردەوە، کە چۆن پەردەی کچێنیان دەژاکاندن، هێشتا سێبەری چەتەکانی شاخ دەبیمنم کە تا دەمەو بەیان، چاوساغیان بۆ داگیرکەر دەکرد، هەندێک سەر سوور لە کێوەکانی هەورامانەوە، تاقمێکی سەوزیش لە هاوار و دەشتی شارەزوورەوە، کە چۆن بۆ سبەی ڕێگەی ڕزگاربوونیان مین ڕێژدەکرد، کە چۆن ڕویان دەکردە قیبلەی کەربەللا و جاڕی کوشتنی کافرەکوردیان بە مژدە بۆ جاهلانی بیابان دەنارد، بۆ بەنی قورەیش و ئالی تکریت و حەسەن و حوسەین، خوێنیان دەکردە دیاری بەهار.

هێشتا دوای ئەو هەموو ساڵە پڕ ئازارە، سەرتاپای لەشم، لەگەڵ هەزارەها منداڵی چاوگەشی ئەو شارەدا، تاوێک لە سەرمادا هەڵدەلەرزێت و تاوێکیش ژەهر و گاز ،هەناسەم پێ سواردەکات، هێڵنجی خوێنم پێ دەدا.

هێشتا دوای ئەو هەموو ساڵە، برینەکانم سەرلەنوێ، لە نەورۆزدا ئەنفال دەکرێنەوە، ئاواتەکانم لە دیلی زیندانی نوگرە سەلمان و دەشتی گەرمیاندا پەرەوازە دەبنەوە.. لاشەووشەی کۆرپەکانم بەنی چەلوبێک دەیداتە دەم سەگەکانی ئەو دیوو دیواری زیندانەکەی مەرگەوە..

هێشتا تابلۆی شەوانی گەرمیانم، ناسرڕێتەوە پاش ئەو هەموو ساڵە، هەرچەندە بە جەستە لە نیشتیمانم دوورم، بەڵام کوردستانیان لە کۆڵم ناوەو بست بستی خاکی پڕ قیژە و ناسۆر، لە نیۆ دۆڵ و کانیاوی ژەهراویدا، چۆکیان پێ داوم. سنووری نێوان و هێواو گزگم لێ وونە، بەڵام وەکو دایکێکی کۆرپەی جێماو، بە دوای دیتنەوەی جگەر گۆشەکەمدا وێڵم..

ئەی خەڵکی شارەکەی گۆران و سەنگەری پێشەوەی هەورامان! وەک ووتم بەدەست خۆم نییە هێشتا گۆێکانم چرینی هەڵهۆلەی سەرکەوتنی گورگی خۆیی دەبیستێت، حەی ئەڵڵای دەروێشان و نەزانان ڕۆژی حەشری دروست کردووە..

تکا! ئەگەر ئەمجارەش ئەگەر ئەو درندانە، وەکو جارانی پێشو، وەکو بەهاری ساڵان، دەست بەجامانەو بە لێشاوی کاروان و ئۆتۆمبێلی عەلوج، گەندەڵەکان هاتن دایان لە دەروازەی شار، بۆ خواردنی پێشخوانی پاسدار و هێنانی ئەنفالچیان، بۆ ئەڵاهو ئەکبەری فەتحی تەعریب لە گەڵ کۆمەڵێک بەعسی مرۆڤ کوژدا، لە گەڵ ئاغای تازەدا، نەک تەنها بەردە بارانیان بکەن، بەڵکو دۆزەخی قینی کیمیا باران و تاڵانی شاریان سەرلەنوێ بیربخەنەوە، هەی هۆیان بەسەردا بباریێنن..بڵێن:

ها ئەوە هەلهۆلە چیەکانن کە تا سەر ئێسکیان گەندەڵی ڕزانوویەتی، هاتن، ها ها..
ها ئەوانە تاقمەکانی چل ساڵەی شەڕی براکوژین، هاتن، ها ها..
ها ئەوانە دەروێشی ئیمامی زەمان و ئاڵاهەڵگری ئومەی عەرەبین، هاتن، ها ها..

ها ئەوانە کۆڵبەرانی عێراقی عروبەی ئەنفالن، هاتن، هاتون سەرلەنوێ دەستکەوتی ئەنفال بەرنەوە، جامەنەی سور و ڕەشیان کردوەتە پەڕۆی سواڵکردن و فرمێسکی درۆ دەبارێنن، ها ها ها..

پێیان بلێن: مەیەن ئێوەمان ناوێت...بڕۆن جارێکی دی شار گڵاو مەکەنەوە..